
# مێدوسا

**شیعری / لویس بۆگان**
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە/ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**




**دەبوو بهاتمایەتە ماڵی نێو ئەم ئەشکەوتی جەنگەڵە**
**بۆ ڕامان لە ئاسمانی ڕەها**
**گشت شتەکان دەجولان ...زەنگ ئامادەباش بوو بۆ لێدان و**
**خۆر وبریقانەوەکانی بە چوارچەرخە گەیشتنە جێ**

**ساتێك چاوە بێزەخرەفە و هیسە هیسکەرەکان**
**لە پێشمەوە بوون**
**دەوەستان لەبەر پە نجەرەکەو لە دەرگاکەوە دەیانبینی**
**چۆن چاوە سادەکان ، مارەکانی سەر نێوچەوان**
**لەهەوادا شێوەباز دەبوون**

**ئەمە دیمەنێکی سەرمەدییانەی مردووە**
**هیچ شتێك ناوروژێنێ**
**نە کۆتایی هەرگیز لەمە ڕوناکتر دەبێت و**
**نە بارانیش لەمە لێڵتر دەبێت**

**ئاو هەمیشە خوڕە دەکات ، دێتە خوار و نایەتە خوار**
**زەنگە کەوتووەکەش دەنگ دەر ناکات**
**گیاش هەمیشە لە قوڵایی خاکدا بۆ کا و قەسەر شین دەبێت**

**منیش دەبێت ئا لێرە دا**
**لە ژێر ڕۆژێکی مەزنی هاوسەنگدا چەشنی سێبەر ڕابووەستم**
**چاوەکانیشم لەسەر تە پوتۆزی زەردباوی سەر -با- یەکەیە**
**کە ڕاینامالێت بەرەو دوور .**

**میدۆسا : یەکێکە لەو سێ خوشکانەی کە لە میسۆدۆلۆژیای یۆنانیدا لە بری قژ ماریان لەسەردا ڕواوە و هەر کەسێك تەماشای بکردنایە ئەوا یەکسەر دەبوون بە بەرد. میدۆسا (شاژن) بە دەستی پێرساوسی پاڵەوان سەری دەپەڕێندرێت،بەڵام تێرامانی میدۆسا تەنانەت لە دوای مردنیشی هێزی تێدا دەمێنێت.**

**لویس بۆگان** ( Louise Bogan ) **ژنە شاعیری نوێخوازی ئەمریکی لە** (Livermore Falls ) **لە** 11 **ی ئۆوگستی ساڵی** 1897 **لە دایك بووە.وەك خۆی دەڵێت**"10 **ساڵ پێش ئاودن و ئیشاروود و ل. مەك نەیس و نزیکەی** 2000 **ساڵ دوای ساپفۆ لە دایك بووم" .لویس دەچێتە قوتابخانەی مانچستەر و نیو هامپشایر و پاشان دەچێتە قوتابخانەی لاتینی کچان لە بۆستۆن.دوای ساڵێك لە خوێندنی زانکۆ لویس واز لە خوێندن دەهێنێت.ژیانی هەست و سۆزی ئەم ژنە شاعیرە لە ساڵی** 1931 **وە کەوتە بەر ئازاردان و نوشوستی.لویس بۆ ماوەی چەندین ساڵ سەرنوسەری**(( The New Yorker )) **زۆر حەقخوازانە و دادپەروەرانە بەرهەمی ڕەخنە و شیعری بڵاو دەکردەوە و هیچ گوێی بە هاوڕێ و برادەر نەداوە.لویس لە ساڵی** 1970 **بۆ دوا جار ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ڕاس لیمەر نامەکانی لویس بۆگان لەنێوان** 1920–1970 **لە ساڵی** 1973 **لە کتێبێك کۆکردەوە و بەچاپ گەیاند .**

**بەرهەمەکانی لویس بۆگان:**

1–**جەستەی ئەم مەرگە** 1923

2–**هاوینی تاریك** 1929

3– **خەوتنە تورەکە** 1937

4–**شیعر و شیعری نوێ** 1941

5–**هەڵبژاردەی شیعر** ( 1923–1953) 1954

6–**ئاوڕێژگە شینەکان** 1968

7–**دەستکەوتەکانی شیعری ئەمریکی** (1900–1950 ) 1951

8–**ئەلف و بێی شاعیر** 1970

**سەرچاوەکان:**

Modern Poems
A Norton Introduction
Second Edition
Edited by: Richard Ellmann and Robert O'clair
1989 pages 333 and 334 and 334

2- www.allbiographies.com/biography-Louise Bogan